حەکیم:ستایشی ڕۆڵی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی دەکەین لە تەواوکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

ئەمڕۆ دووشەممە عەممار حەکیم سەرۆکی رەوتی حیکم ستایشی ڕۆڵی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کرد لە تەواوکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

حەکیم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان دەنگی خۆیدا رایگەیاند " هانی هاوڵاتیان دەدەین بۆ ئامادەبوون و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا"هەروەها"ستایشی "ڕۆڵی هێزە ئەمنییەکان لە پاراستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا"کرد.

حەکیم ستایشی "ڕۆڵی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەکات لە تەواوکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن"ئاماژەی بەوەدا کە "ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بواری خزمەتگوزاری لە بەغدا و پارێزگاکاندا".